**پژوهشنامه ادبیات کردی**
پاییز و زمستان ۱۴۰۰
سال ۷، شماره ۲، پیاپی ۱۲

*Journal of Kurdish Literature*
Autumn and Winter 2021-2022
Vol. VII, No. 2, Series 12

# خوێندنەوەیەکی نوێی دیوانی حەریق، بە سەرنجدان بە ئاستی زمانی (لێکدانەوەی ن. کەڵهوڕ)

جەعفەر قارەمانی[1]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۲۰ اردیبهشت ۱٤۰۰؛ تاریخ پذیرش: ۲۸ دی ۱٤۰۰؛ صص. ۲۳۱-۲۵۱

**DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2022.548**

## کورتە

لە ناو هەموو نەتەوەکاندا، ئەدەبی کلاسیک وەک بناغەیەکی بەهێز ناسراوە و دەکرێت زۆرێک لە بەسەرهات، ڕووداو، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، خەڵکناسی و تەنانەت بەشێک لە ڕاستییەکانی مێژوویی لە ناو ئەدەبی کلاسیک و بەتایبەت شیعری کلاسیکدا هەڵێنجێن. حەریق یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاستە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژیاوە. دیوانی حەریق تا هەنووکە چەند جار چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام سەرەڕای هەوڵی ساخکەرەوان ئەم دیوانە تووشی کەموکووڕی و ناتەواوییەکی زۆری وەک هەڵەی ڕێنووسی، خراپ خوێندنەوە، گۆڕان و داکەوتنی پیت و وشە بووە کە لە زۆر دێڕدا ئەم بابەتانە هۆی لێکدانەوەی هەڵە بووە. لە لایەکی ترەوە، چاپی دووبارەی ئەم دیوانە لە لایەن نەوزاد کەڵهوڕەوە نەتەنیا هەڵەکانی پێشووی ئەم دیوانەی کەم نەکردووەتەوە، بەڵکوو لەچاو چاپەکانی پێشوو زیاتر هەڵەی تێکەوتووە. کەواتە، ساخکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک، بێ ڕەچاوکردنی مێتۆدۆلۆژیی زانستی، ناسینی پێوەرەکانی ساخکردنەوەیی و ڕوانینی ڕەخنەیی بۆ دەق، کارێکی ناتەواوە. ئەم توێژینەوەیە، بە شێوازی شیکارانە – ڕەخنەیی چەند دێڕێکی * دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ، بە یارمەتیی نوسخە خەتتییەکان ساخ کردووەتەوە. مەبەست لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە تەنیا ساخکردنەوەی چەند دێڕێکی شیعری حەریق نییە، بەڵکوو لە ڕوانینێکی بەربڵاوتردا سەلماندنی ئەو بابەتەیە کە ساخکەرەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک، جیا لە خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان -وەک بناغەی ساخکردنەوە- دەبێت شارەزای زانستگەلی شێوازناسی، کێشناسی و زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبیش بێت. دەرخستنی ئەو جۆرە هەڵانە دەتوانێت یارمەتیدەری ساخکەرەوانی تر بێت و ڕێگە لە دووپاتکردنەوەی هەڵەی هاوشێوە بگرێت.

**وشەگەلی سەرەکی:** شیعری کلاسیک؛ ساخکردنەوەی زانستی؛ شیعری حەریق.

## چکیده

در میان تمامی ملت‌ها، ادبیات کلاسیک زیربنایی محکم شناخته شده که می‌توان بسیاری از رویدادها و واقعیت‌های تاریخی را از آن، به ویژه در شعر کلاسیک فهمید و برداشت کرد. حریق یکی از شاعران نامور سبک کرمانجی میانه است که در نیمه‌ی دوم قرن نوزدهم و آغاز قرن بیستم زیسته است. علم تصحیح متون، در اصطلاح روشی است که هدف آن در مورد هر متن، به دست دادن متنی هر چه نزدیکتر به متن اصلی است. تصحیح دیوان شاعران کلاسیک ضرورتی است که باید بر اساس روش‌شناسی علمی، شناخت معیارهای تصحیح و نگاه انتقادی به متن صورت گیرد؛ تنها با این روش‌هاست می‌توان تصحیح متن را انجام داد و آسیب‌های موجود در تصحیح را بازشناخت. دیوان حریق تاکنون چند بار تصحیح و چاپ شده است؛ اما جدای از این تلاش‌ها هنوز اشتباهات بسیاری در ضبط اشعار که بیشتر ناشی از نقص در قرائت نسخه‌ها، افتادن کلمه در ابیات و غلط نگارشی که بیشتر نتیجه‌ی تغییرات ذوقی ناسخان و شارحان است، در این دیوان راه یافته است. از سوی دیگر چاپ مجدد این دیوان توسط نوزاد کلهر در بسیاری موارد نه تنها از مشکلات چاپ‌های گذشته نکاسته، بلکه نسبت به چاپ‌های نخستین این اثر، به مراتب بی‌اعتبارتر و مغلوط‌تر است. این مقاله در پی آن است با استمداد از نسخ خطی اصیل و موجود این اثر، پاره‌ای از اشتباهات این دیوان را که تنها به مدد نسخ خطی آن قابل تصحیح هستند، به مخاطب بنمایاند. در این پژوهش با در دست داشتن دو نسخه‌ی خطی از این دیوان و مقایسه‌ی آن نسخ با متن چاپی این دیوان به روش تحلیلی – انتقادی، چند بیت از ابیات مصحف و محرف شعر حریق بازخوانی و تصحیح شد. شناخت این اشتباهات می‌تواند به یاری مصححان دیگر بیاید و راه را بر تکرار اشتباهات مشابه ببندد.

**واژگان کلیدی:** شعر کلاسیک؛ تصحیح علمی؛ شعر حریق.

۱. ماستێری زمان و ئەدەبی فارسی، پەروەردەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بۆکان، ئێران.
ghahjefer@gmail.com

### ١- پێشەکی

لەناو هەموو نەتەوەکاندا، ئەدەبی کلاسیک وەک بناغەیەکی بەهێز ناسراوە و دەکرێت زۆرێک لە بەسەرهات، ڕووداو، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، خەڵکناسی و تەنانەت بەشێک لە ڕاستییەکانی مێژوویی لە ناو ئەدەبی کلاسیک و بەتایبەت شیعری کلاسیکدا هەڵێنجێن. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، حەریق یەکێک لە لووتکەکانی شیعری کلاسیک و لە ڕێبوارانی شێوازی شیعری سێ کوچکەی بابان ناسراوە. ئەگەر شیعری حەریق بکەینە پێوانەیەک بۆ سەلماندنی ئەو ئیددیعایە، شی کردنەوەی شیعرەکانی لە ئاستی زمانی، ئەدەبی و هزریدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. حەریق ئەو شاعیرە غەزەلبێژەیە کە بەشێک لە شیعرەکانی وێنە و وەسفی ڕاستەوخۆی دڵبەرە و بەشێکیش دەربڕی هزری سۆفیگەری، یان تێکەڵاوییەک لە هەستی دڵداری و ئەوینی سۆفییانەیە. بە خوێندنەوەی شیعرەکانی دەردەکەوێت موریدی شێخ شەمسەددینی بورهانی -لە شێخە ناسراوەکانی تەریقەتی نەقشبەندی- بووە. بێ گومان خۆشەویستیی شێخ شەمسەددین کارتێکەریی لە سەر هەستی حەریق بووە و دەکرێت ئەو خۆشەویستییە وەک چەکەرەکردنی بیری سۆفییانە لە شیعری حەریقدا پێناسە بکرێت. بەهۆی جۆری ژیان و دوورەپەرێزی و بە مەبەستی هێورکردنەوەی ڕووحی، پەنای بردۆتە بەر ڕێبازی سۆفیگەری و لە زۆر شیعردا چەمکەکانی سۆفیگەریی کردۆتە کەرەستەی سەرەکیی ئافراندنی واتای تاقانە. حەریق بەهۆی خوێندنەوەی دەقەکانی سۆفیگەری و شارەزایی ئایینییەوە، زۆرێک لە زاراوەکانی سۆفیگەریی وەک: پیر، پیری مەیخانە، پیری خەرابات، شەراب، ساقی، پیری موغان و هتد، کە پێشتر لە شیعری شاعیرانی وەک نالی و مەحویدا ڕەنگیان داوەتەوە، کردۆتە هەوێنی شیعری و واتای نوێی پێ خوڵقاندوون.

بە تێپەڕینی چاخ و سەردەمە جیاوازەکان و کێشەوبەرەی زەمان، زۆرجار نوسخەی سەرەکیی نووسراوەی پێشینیان، بزربوون یان لەناوچوون و، زیاتر ئەوەی لە بەرهەمێک بەدەست ئێمە گەیشتووە، یەک یان چەند نوسخە لەو نوسخانەیە کە بنووسانی جۆراوجۆر لە سەردەمە جیاوازەکاندا نووسیویانەتەوە. بەڵام ئەو نوسخانە بەتەواوی وەک یەک نین و لە زۆر بابەتەوە لەگەڵ نوسخەی سەرەکیدا جیاوازییان هەیە. هۆی ئەو جیاوازییە و بوونی هەڵە، بەتایبەت لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا بەگشتی بۆ چ بابەتگەلێک دەگەڕێتەوە؟ بەهۆی درەنگ سەرهەڵدانی پیشەی چاپ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و پاشان لە ناوچە کوردنشینەکاندا، تا دووسەد ساڵ لەمەوبەر زۆربەی پەڕتووکەکان بە شێوەی دەستنووس بوون، تەنانەت نوسخەگەلێکی خەتتی هەن هێشتا چاپ نەکراون و لە سووچی پەڕتووکخانەکاندا ترسی لەناوچوونیان هەیە. لە پرۆسەی نووسینەوەی نوسخە کۆنەکاندا، بنووسان زۆرجار لە یەک پلەی زانستیدا نەبوون، یان ئاستی وشیاری و وردبینییان نزم بووە. جاری وایە تووشی هەڵەخوێندنەوە، یان تووشی دەستتێوەردان لە دەقدا بوون. هەروەها خاوەننوسخەکانیش بەپێی زانست و ئاستی خوێندەواری، گۆڕانکارییان لە دەقدا پێکهێناوە کە زۆرجار ئەو گۆڕانکارییانە بەتەواوی هەر هەڵە بوون. لە لایەکی ترەوە، بارودۆخی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئایینی و جیاوازیی زەوق و سرشت و هتد، لەم بابەتانەن کە هۆی گۆڕانکاری لە نوسخە و دەقە کۆنەکاندا لە کاتی نووسین یان لە سەردەمەکانی دواتردا بوون. زۆرکات دەسەڵاتداران و بنووسانی پەیوەندیداریش ویستوویانە ئەو گۆڕانکارییانە ڕاست بنوێنن و لایەنی ئەرێنییان بسەلمێنن. لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، گرنگترین پێوەر بۆ هەڵبژاردن و لەسەرتربوونی دروستیی وشە یان دەستەوشەیەک، بەسەر وشە یان دەستەوشەیەکی تردا، پێوەری ڕەوانبێژییە. ساخکردنەوەی بەشێک لە شیعری شاعیرانی کلاسیک بەپێی ئەو پێوەرە، شێوازێکی زانستی و پەسند کراوە.

ســاخکردنەوەی دەق یەکێک لە پیشــە ئەدەبییە کۆنەکانە و، یەکەمین هەنگاو بۆ ئەنجامی توێژینەوەکانی مێژوویی و ئەدەبی ناسراوە. لە پرۆسەی ساخکردنەوەدا، ساخکەرەوە، دەقە کۆنەکان لەسەر بنەمای نوسخە خەتتییەکان بۆ چاپ ساز و پەرداخ دەکات. زانســتی ســاخکردنەوە، زانســتێکە بۆ دیتنەوەی دەقێکی نزیک بە دەقی ســەرەکی کە لەگەڵ نووســراوەی نووسەر بەتەواوی یەک بێت. کەوایە بە پێچەوانەی بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگران ساخکەرەوە، هەڵەگری زانستیی دەق نییە؛ واتە ئەگەر لە دەقێکی کۆن هەڵە و ناڕاستیش هەبێت، هەرچەند لە لایەن خودی نووسەریشەوە بێت، ساخکەرەوە ئیزنی نییە هەڵەکان ڕاستکاتەوە. هەروەها ساخکەرەوە ناتوانێت خۆی لەگەڵ نووسەری سەرەکی بە هاوبەش بزانێت و بەشێک لە بێژەی وشــە و دەســتەوشــەکان بگۆڕێت. لە زانســتی ســاخکردنەوەدا بە شــێوەیەکی تۆکمە و لە ڕێگەی هەڵســەنگاندن و بەراوردکردنی دەق لەگەڵ نوسخەی جێ‌باوەڕدا، ساخکردنەوە ئەنجام دەدرێت. بەگشتی چوار شێواز بۆ ساخکردنەوەی نوسخە کۆنەکان بە فەرمی ناسراوە:

ئەلف. ساخکردنەوەی نوسخەی بنەما

ب. ساخکردنەوەی هەڵبژاردن

ج. ساخکردنەوەی میانەڕۆ

د. ساخکردنەوەی بەراوردی (قیاسی)

لە شێوازی ساخکردنەوەی نوسخەی بنەمادا، نوسخەیەک کە بەپێی کۆنی و دروستی، ڕەچاو نوسخەکانی تر لە سەرترە و بە ڕێکەوتی کۆچی دوایی نووسەری دەق نزیکترە، بە نوسخەی بنەما دەناسرێت و وەک بناغەی ساخکردنەوەی دەق دیاری دەکرێت. لە شێوازی ساخکردنەوەی نوسخەی بنەمادا، ساخکەرەوە لە نووسینەوەی دەقدا ئیزنی نییە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە دەقدا ئەنجام بدات و دەق بەو جۆرەی هەیە، دەنووسێتەوە. جێی ئاماژەیە «نوسخەی بنەما» کە لە ڕوانگەی ساخکەرەوەدا لە نێوان نوسخەکانی جێ‌باوەڕی بەرهەمێک وەک بڕواپێ‌کراوترین نوسخە دەناسرێت، ڕەنگە نوســخەگەلێکی تریش هەبن، بایەخی زانســتییان ڕەچاو نوســخەی بنەماوە لە پلەی دووهەم و ســێهەمدا بێت، کە ئەو نوسخانە بە نوسخەی جێگر، یان «بەدەڵ» ناسراون. ساخکەرەوە، دەقی «نوسخەی بنەما» لەگەڵ نوسخەی «بەدەڵ»دا بەراورد دەکات و لە پەراوێزدا ئاماژە بە جیاوازییەکانی نێوان نوسخەکان دەکات. لە شێوازی ساخکردنەوەی هەڵبژاردندا بەو پێیەی هیچ نوسخەیەک بەتەواوی بەسەر نوسخەکانی تردا لە سەرتر نییە، لە نێوان نووسراوە جۆراوجۆرەکاندا هەرکام دروســـتتر و دەســـتلێ‌نەدراوتر بێت، وەک بناغەی نووســـینەوەی دەق هەڵدەبژێردرێت (هروی، ۱۳۸۰: ۴۳۷، ۴۳۸). ســاخکردنەوە بە شــێوازی میانەڕۆ، لە ڕاســتیدا لێکدراوێک لە شــێوازی نوســخەی بنەما و شــێوازی هەڵبژاردنە. سوودوەرگرتن لەم شێوازە کاتێک دروستە کە نوسخەی سەرتر نە ئەوەندە بژاردەیە کە بەسەر نوسخەکانی تردا گرینگیی زیاتری هەبێت و وەک بناغە بناسرێت، نە ئەوەندەش بێ‌بایەخە کە هاوشێوە و بەرابەری نوسخەکانی تر بژمێردرێت. لە شێوازی میانەڕۆدا بە ڕادەی شێوازی نوسخەی بنەما لە سەر نوسخەی سەرتر پێداگری ناکرێت (عمادی حائری، ۱۳۸۷: ۷). شێوازی ساخکردنەوەی بەراوردی،ی کاتێک وەک شێوازێک بۆ ساخکردنەوە دیاری دەکرێت کە تەنیا نوسخەیەک لە بەرهەمێک هەبێت و دروســتی و دەســتلێ‌نەدراوی ئەو نوســخەیەش تاڕادەیەک جێی‌متمانە نەبێت. لەم شــێوازەدا ساخکەرەوە لە شێوازی بەراوردی بۆ هەڵبژاردن و دیتنەوەی وشە، دەستەوشە و نووسراوە دروستەکان کەڵکوەردەگرێت. بەراوردکردن لە ڕێگەی هەڵســـەنگاندن و پێک‌گرتنی دەقەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ دەقی ســـەرەکیی تایبەتدا ئەنجام دەدرێت. لە زۆر ساخکردنەوەدا کە تۆماری هیچکام لە نوسخەکان ڕاست نانوێنن و جێی‌متمانە نین، دیسان دەبێت بۆ ساخکردنەوە لە شێوازی بەراوردی بەهرەوەربگیردرێت (جهانبخش، ۱۳۷۸: ۳۵، ۳۷؛ عمادی حائری، ۱۳۸۷: ۵، ٦).

## ١-٢- پێوەرەکانی «هەڵبژاردن» لە پرۆسەی ساخکردنەوەدا

### ١-٢-١- پێوەری زمانی

بەپێی ئەم پێوەرە، ساخکەرەوە دەبێ زانیاریی لەسەر بابەتەکانی زمانناسی، شێوازناسی و تایبەتمەندییەکانی زمانی چاخ یان سەردەمێکی دیاریکراودا هەبێت. بۆ نموونە، لە قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاستدا سوودوەرگرتن لە وشە بیانییەکان وەک تایبەتمەندییەکی زمانی شیعریی ئەو قوتابخانەیە ناسراوە؛ بۆیە بەپێی ئەو تایبەتمەندییە دەبێت حوکم لەسەر وشە و دەستەوشەکانی بیانی و واتاکانیان بدرێت. کەوایە ساخکەرەوە دەبێ بەپێی تایبەتمەندییەکانی زمانیی هەر چاخێک و شێوازی زمانیی هەر قوتابخانەیەکی شیعری، هەوڵی ساخکردنەوەی دەق و بەتایبەت دیوانی شاعیرانی کلاسیک بدات.

### ١-٢-٢- پێوەری ڕەوانبێژی

لە شیعری کلاسیکدا گرینگترین پێوەر بۆ هەڵبژاردن و لەسەرتربوونی وشە یان دەستەوشەیەک، بەسەر وشە یان دەستەوشەیەکی تردا، پێوەری ڕەوانبێژییە (جهانبخش، ١٣٨١: ١١٧). ساخکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی بێ کاریگەریی ئەم پێوەرە نە شێوازێکی دروستە و نە ساخکردنەوەش ساخکردنەوەیەکی زانستییە. بۆ نموونە:

لەم دێڕەدا بە هەڵە وشەی «مول» _بە واتای شەڕاب_ بە «مەل» خوێندراوەتەوە کە هیچ هاوڕێژەییەکی واتایی لە نێوان وشەکانی ئەو دێڕە و وشەی «مەل»دا نییە و بە لێکدانەوەی واتای دێڕەکە ڕوون دەبێتەوە ئەو وشەیە بە هەڵە لە دێڕەکەدا جێ کەوتووە:

لەشـــــەوقی گوڵ لەزەوقی مەل عەجەب ســـــەرخۆشـــــە ئەهلی دڵ

دەبـــێـــژن تـــایـــفەی خـــوبـــان مەگەر جەنەت بەدنـــیـــابـــێ

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ١٥٧)

لەم دێڕەدا، بە کەڵکوەرگرتن لە پێوەری ڕەوانبێژی دەردەکەوێت وشەکانی «گوڵ» و «مول» لەگەڵ یەک هاوڕێژەییان هەیە و، لە ڕاستیدا ئەم هاوڕێژەییە پێکهێنەری ڕازەی جوانکاریی «چاولەیەک»ـــە. بە کەڵکوەرگرتن لەم ڕازەیە دەتوانین واتای دێڕەکە بە دروستی شرۆڤە بکەین و دەری‌خەین ئەم وشەیە «مول»، واتە شەڕاب بووە نەک «مەل». دوای شرۆڤەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخ کراوە:

لە شـــەوقی گوڵ، لە زەوقی مول، عەجەب ســـەرخۆشـــن ئەهلی دڵ

دەوێـــژن تـــایـــفەی خـــووبـــان مەگەر جەنـــنەت بە دونـــیـــا بـــێ

واتا: لەتاو گوڵ و لە خۆشیی شەڕاب، ئەهلی دڵ، سەیر سەرخۆشن و دەستەی جوانچاکان دەڵێن: مەگەر هەر ئێرە وەک بەهەشت بێت «بۆ ئەوان دونیا وەک بەهەشت خۆشە».

### ١-٢-٣- پێوەری هزری – فەلسەفی

بەپێی ئەو پێوەرە دەکرێت لە دەقێکدا وشە یان دەستەوشەیەک، سەرتر لە وشەیەکی تر، لە دێڕێکی شیعریدا بناسرێت کە لە واتادا دەربڕی بابەتێکی هزری- فەلسەفی دیار بووە. هەرچەند پێوەری هزری – فەلسەفی بە ڕادەی پێوەری ڕەوانبێژی لە ساخکردنەوەی شیعردا گرینگ نییە، بەڵام خوارتر لە پێوەری ڕەوانبێژی بۆ خوێندنەوە و ساخکردنەوەی دەق، بەتایبەت شیعری کلاسیک کە ڕەگوڕیشاڵی بابەتی هزری – فەلسەفی تانوپۆی داپۆشیوە، دەتوانێت کارتێکەر و پاڵپشتی ساخکردنەوەی دەق، یان شیعری شاعیران بێت (جهانبخش، ١٣٨١: ١١٨).

### ۲- دوو شێوازی سەرەتایی ساخکردنەوە

#### ۲-۱- شێوازی هەڵبژاردن

لە شێوازی ساخکردنەوەی هەڵبژاردندا بەو هۆیەی هیچ نوسخەیەک بەتەواوی بەسەر نوسخەکانی تر لە سەرتر ناناسرێت، دەقی کۆتایی لە نێوان نووسراوەی نوسخە جۆراوجۆرەکاندا، هەرکام دروستتر بێت، هەڵدەبژێردرێت.

#### ۲-۲- شێوازی سەرتری

لەم شێوازەدا کۆنترین نوسخە لە نێوان نوسخەکانی تردا دەکرێتە پاڵپشت بۆ ساخکردنەوە و زۆر بە وردی و بێ هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە ڕووی دەنووسرێتەوە. بۆیە ساخکەرەوە هەوڵ دەدات تا کۆنترین نوسخە وەدەست بهێنێت تا بەپێی ئەو نوسخەیە پرۆسەی ساخکردنەوە ئەنجام بدات. کۆنترین نوسخە، نوسخەیەکە مەودای زەمانی نووسینی لەگەڵ ڕێکەوتی کۆچکردنی خاوەن بەرهەم لە نوسخەکانی تر نزیکترە؛ بەو هۆیە ئەگەری گۆڕانکاری و جیاوازیی ئەو نوسخەیە لەگەڵ دەقی نووسراوەی نووسەر یان شاعیر، ڕەچاو نوسخەکانی دواتردا کەمترە. کەوایە بۆ گەیشتن بە دەقێکی پاراو و دوور لە هەر چەشنە گۆڕانکاری و هەڵە، ساخکەرەوە دەبێ کۆنترین نوسخەی وەدەست بهێنێت تا لە کاتی ساخکردنەوەدا هۆیەکی زانستی و ڕوونی بۆ پەسندکردن، یان ڕەتکردنەوەی وشە یان دەستەوشەیەک، بەسەر وشە یان دەستەوشەیەکی تردا هەبێت.

### ۳- پێشینەی توێژینەوە

دیوانی حەریق، ساڵی ۱۹۳۶ی ز. بۆ یەکەمجار لە لایەن کوردی مەریوانییەوە لە چاپخانەی مەریوانی لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. جێی ئاماژەیە ئەم دیوانە کۆنترین دیوانی حەریقە، بەڵام ڕەنگە بەهۆی دەست پێڕانەگەیشتنی نووسەر بە نوسخە و سەرچاوەیەکی دروست و نزیک لە حەریق، هەڵەی تێکەوتبێت. زۆرجار ڕێنووسی وشەکان هەڵەیە، یان لە شیعرەکاندا وشەیەک و دووان داکەوتووە. لە هەموو چاپەکانی پێشووی دیوانی حەریقدا ئەو کەسانەی بەرپرسی چاپی دیوانی حەریق بوون، بۆ ئەوەی زاراوەی دروستی شاعیر ڕابنێن، زیاتر زاراوەی خۆیان بەسەر شیعرەکانی حەریق داسەپاندووە و، ئەو دیاردەیە هەموو چاپەکانی دیوانی حەریقی تووشی نارێکی کردووە. دیوانی حەریق ساڵی ۱۹۳۸ی ز. بۆ جاری دووهەم لە لایەن مەحموود خاکییەوە، لە پەخشانگەی «الجمهوریيه» لە کەرکووکدا چاپ دەبێت و هەر وەک مامۆستا سپێهرەددین لە کتێبی *مەنزوومەی شەمسیدا* ئاماژەی پێکردووە، ئەویش هەر لە ڕووی نوسخەی کوردی مەریوانییەوە چاپکراوەتەوە و هەڵەی زێدەتری وەسەرکەوتووە. ئەو دیوانە ئەو جیاوازییەی لەچاو کتێبەکەی کوردی مەریوانی هەیە کە کەمێک ڕێنووسەکەی گۆڕاوە و پاشان ئاماژە بە واتای هەندێک لە وشەکان کراوە کە لە زۆر دێڕدا ئەم واتایانە دروست نین.

دیوانی حەریق جاری سێهەم لە وەشانگەی محەممەدی سەقز و لە لایەن نەجمەددین ئەنیسییەوە، لە بەهاری ساڵی ۱۳۶۹ی کۆچی هەتاویدا چاپ بووە. لەم کتێبەدا سەرەتا ئەو غەزەلانەی لە ڕووی واتاوە ڕوون بوون، لێکدانەوەیان بۆکراوە و ئەو دێڕانەی نارێکیی بێژەیی و واتاییان بەرچاو بووە، شرۆڤە نەکراون. جێی ئاماژەیە لەم دیوانەدا ئەو وتارانەی پەیوەندییان بە ژیانی حەریق و شێخی بورهانەوە بووە، کۆکراوەتەوە و لەم دیوانەدا چاپکراوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو دیوانە ئەوەیە وێڕای گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێکی حەریق، لە بەشی کۆتاییدا فەرهەنگۆکێک بۆ شیعرەکانی حەریق تەرخانکراوە. ئەم چاپەی دیوانی حەریق بە ڕێنووسی ئارامی- عەرەبییە، بەڵام لەبەر نەبوونی کەرەستەی پێشکەوتوو، نیشانە و مەوداکان لە جێی خۆیاندا بەکار نەهاتوون و لەکاتی خوێندنەوەدا زۆرجار خوێنەر تووشی هەڵە دەبێت. جێی ئاماژەیە لەم کتێبەدا نووسەر ڕاوێژی هەموو شیعرەکانی حەریقی گۆڕیوە و ڕێنووسی زۆرێک لە وشە ڕەسەنەکانیشی تێکداوە. لەم کتێبەدا ڕێکوپێکی و دانانی شیعرەکان جیاوازە لە چاپەکانی پێشوو، بەتایبەت غەزەلەکان ناویان بۆ دانراوە.

بۆ جاری چوارەم دیوانی حەریق لە ساڵی ٢٠١١ی ز. لە نووسینگەی تەفسیر و لە لایەن نەوزاد کەڵهوڕەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەم دیوانەدا هەڵەی زۆری ڕێنووسی، یەکدەست نەبوونی ڕێنووسی شیعرەکان، لێکدانەوەی ناتەواو و هەڵە و نەپاراستنی مەودای نێوان وشەکان، هۆی تێکدانی کێش و واتای شیعرەکان و هتد بووە. دیوانی حەریق جاری پێنجەم لە ساڵی ١٣٩٦ی ک. هـ. و بە هەوڵی محەممەد ئیسماعیلنەژاد، لە پەخشانگای مانگ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

جێی ئاماژەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە، یەکەم هەوڵی زانستییە لەسەر خوێندنەوە و ساخکردنەوەی دیوانی حەریق (لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی نەوزاد کەڵهوڕ)، کە بە شێوازی زانستی — توێژینەوەیی ئەنجام دراوە.

**٤- پرسیارەکانی توێژینەوە**

١- هۆکاری سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەکانی شیعری حەریق (لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ)، لە ئاستی زمانیدا بۆ چ بابەتگەلێک دەگەڕێتەوە؟

٢- ئاخۆ دوای چەند جار چاپ و بڵاوبوونەوە، دیوانی حەریق پێویستی بە ساخکردنەوەی دووبارە هەیە؟

**٥- پێناسەی نوسخە خەتتییەکانی دیوانی حەریق بۆ ساخکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە**

**٥-١- نوسخەی «ئەلف»**

بۆ ساخکردنەوەی ئەم چەند دێڕە، نوسخەی «ئەلف» وەک نوسخەی بنەما ناسراوە. نوسخەی بنەما، نوسخەیەکە لە نێوان چەند نوسخەی پەرتووکێک لە هەموویان کۆنتر و بە ڕێکەوتی کۆچی دوایی نووسەر یان شاعیر نزیکترە و وەک بناغەی ساخکردنەوە دیاری دەکرێت. نوسخەی ئەلف، کەشکۆڵێکە بە خەتتی میرزا مەحموود شابەندەر - خۆشنووسی بەناوبانگی مەهابادی- کە لە نێوان ساڵەکانی ١٣١٢ تا ١٣١٤ی ک. م. بۆ سەید ڕەشید - قوتابیی ناسراوی حەریق-ی نووسیوە. گرینگیی ئەم نوسخەیە لەوەدایە کە ١٣ تا ١٤ ساڵ بەر لە کۆچی دوایی حەریق نووسراوەتەوە و بەدڵنیاییەوە حەریق ئەو نوسخەیەی دیتووە.

**٥-٢- نوسخەی «ب»**

جێی ئاماژەیە بێجگە لە «نوسخەی بنەما» کە لە ڕوانگەی ساخکەرەوەدا لە نێوان نوسخەکانی جێباوەڕی بەرهەمێک وەک بڕواپێکراوترین نوسخە دەناسرێت، ڕەنگە نوسخەگەلێکی تریش هەبن کە بایەخی زانستییان ڕەچاو نوسخەی بنەماوە لە پلەی دووهەم و سێهەمدا بێت؛ ئەم نوسخانە بە نوسخەی جێگر یان «بەدەڵ» ناسراون. ساخکەرەوە دەقی «نوسخەی بنەما» لەگەڵ نوسخەی «بەدەڵ» بەراورد دەکات و لە پەراوێزدا ئاماژە بە جیاوازییەکانی نێوان نوسخەکان دەکات. بۆیە لەم ساخکردنەوەیەدا بێجگە لە نوسخەی «ئەلف» کە وەک نوسخەی بنەما ناسراوە، نوسخەی «ب»ش وەک نوسخەی بەدەڵ بۆ ئەم ساخکردنەوەیە کراوەتە پاڵپشت.

**٦- بەشێک لە هەڵە دیارەکانی دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی نەوزاد کەڵهوڕ**

لەم بەشەدا ئاماژە بە بەشێک لە هەڵە دیارەکانی دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ، لە ئاستی زمانی و بەتایبەت ئاستی وشە دەکرێت. جێی ئاماژەیە شێوازی پیتچنی و مەودا و نیومەودای نێوان وشەکانی ئەم دیوانە، تاڕادەیەک شێواوە کە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئاستەم کردووە و گەر خوێنەر وردبین نەبێت، ڕەنگە تووشی هەڵەی خوێندنەوەیی و تێگەیشتنی ناتەواو بێت.

گۆڕانکارییەکی تری ئەم دیوانە ئەویە کە بۆ «کارە»کانی شـیعری حەریق پێشـگری «ئە» بەجێی پێشـگری «دە» بەکارهاتووە. پێویسـتە ئاماژە بکرێت حەریق لە ناوچەی موکریان ژیاوە و وەک لە خوێندنەوەی نوسـخەکاندا دەردەکەوێت کەمتر وا هەیە پێشگری «ئـە»ی بۆ ئەو کارانە هێنابێت کە لە موکریاندا بە پێشگری «دە» بێژە دەکرێن. پێشتر دیوانی حەریق کۆکراوەی کوردی مەریوانی و کەریم خاکی ئەم شـێوازەیان بەکارهێناوە. لە دیوانی حەریق، کۆکراوەی نەجمەددین ئەنیسـیدا ئەم ڕەوتە زۆر بە لای شـێوەزاری مەهابادیوە شـکاوەتەوە. بە هەردوو باردا ئەم گۆڕانکارییە هەڵەیە و لەم توێژینەوەیەدا تەنیا لە چەند دێڕێکدا ئەم بابەتە ئاماژەی پێ‌کراوە و لە ئەنجامدا لە نموونە شـیعرەکاندا ئەم هەڵەیە ساخ‌کراوەتەوە.

گۆڕانکارییەکی تری دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ، ئەم بابەتەیە کە بێژەی زۆربەی وشـە فارسـییەکانی شیعری حەریقی گۆڕاوە و بە بێژەی کوردی نووسراونەتەوە. ئەم بابەتەش وەک هەڵەیەکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستنیشان کراوە؛ چونکە دیارترین تایبەتمەندیی شێوازی شیعری قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاست لە ئاستی زمانیدا، ڕەنگدانەوەی وشەگەلی فارسی و عەرەبییە کە ئەم بابەتە وەک دیاردەیەکی دیاری ئەم قوتابخانەیە ناسراوە. کەوایە بێ ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندییە، ئەم گۆڕانکارییە لە شـیعری حەریقدا هەڵەیەکی دیارە. بۆ نموونە لە زۆربەی دێڕەکاندا بە هەڵە وشـەی «تیشـنە» کراوەتە تینوو؛ «چەمەن» کراوەتە چیمەن؛ «سـەروی چەمەن» کراوەتە سـەروی چیمەن؛ یان «شـەب» کراوەتە شـەو. لەو دیوانەدا سـەرەڕای هەڵەی زۆری ڕێنووسـی، یەکدەسـت نەبوونی ڕێنووسـی وشـەکانیش وەک هەڵەیەکی تری شیعرەکانی حەریق دەستنیشان دەکرێت.

**٦-١- هۆکاری سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەکانی شیعری حەریق**

**٦-١-١-** نزیکیی شێوەی ڕێنووسی بەشێک لە پیتەکان، وەک: «د، ذ، ک،گ، و هتد» و، هاوشێوە بوونی ڕێنووسی ئەو پیتانەی جیاوازییان تەنیا لە نوختەدایە، وەک: «ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، ر، ز، ژ، س و ش» لە سـەرەتا و ناوەندی وشەکاندا.

**٦-١-٢-** پاک‌بوونەوەی وشـە و پیتەکان لە نوسـخەکاندا کە دەکرێت وەک هۆکاری سـەرەکیی سـەرهەڵدانی بەشـێک لە هەڵەکانی ڕێنووسی دیوانی حەریق و بەگشتی دیوانی شاعیرانی کلاسیک پێناسە بکرێت.

**٧- تەوەری سەرەکیی توێژینەوە**

لەم بەشـەدا سـەرەتا ئاماژە بە دێڕی هەڵبژێردراو لە دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ کراوە و هەڵەی هەرکام لە دێڕەکان کە هۆی لێکدانەوەی ناتەواو و ناڕێکیی کێش و واتا بووە، دەستنیشـان کراوە. پاشان بە خوێندنەوە و پشتبەسـتن بە نوسخە خەتتییەکانی بەردەست و سوودوەرگرتن لە پێوەری زمانی و ڕەوانبێژی، ئەو دێڕە دەستنیشان کراوانە ساخ‌کراونەتەوە و بە شێوەی ڕووکەشی شەرح و لێکدانەوەی دێڕەکان پێشکەش کراوە. جێی خۆیەتی ئاماژە بەم بابەتە بکرێت کە ساخکردنەوە جیاواز لە شەرح و لێکدانەوەیە و لە زانستی ساخکردنەوەدا، هەر جۆرە لێکدانەوەیەک شێوازێکی پەسندکراو و زانستی نییە؛ بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بۆ سـەلماندنی دروسـتیی وشـە و لێکدراوە سـاخکراوەکان و سـەلماندنی هەڵەکانی شـیعری حەریق، لێکدانەوەی نەوزاد کەڵهوڕ، بە شێوەیەکی ڕووکەشی ئاماژە بە واتای دێڕە ساخکراوەکان کراوە.

طـفـلـی دڵـی بـێـچـارە مـدەیەکە گـرفـتـارە
غەمـخـواری دڵ ئـازارە نـاوکـی مـوژگـانـت

(دیوانی حەریق، ۲۰۱۱: ۲٦)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـەی «مدەیەکە» واتایەکی ڕوونی نییە و بە لێکدانەوەی واتای دێڕەکە و خوێندنەوەی نوسـخە خەتتییەکان بەو ئەنجام دەگەین کە ئەم وشـەیە دەبێت «مووددێکە» بە واتـای «ماوەیەکە» بێت و بەم ساخکردنەوەیە واتای باڵەکە دەردەکەوێت. لە باڵی دووهەمیشدا، بەهۆی داکەوتنی وشـەی «بۆ» لە نێوان دوو وشـەی «دڵ ئازارە و ناوکی»دا دێڕەکە لە باری کێشەوە ناڕێک بووە و بە لکاندنی ئەم وشەیە کێشی دێڕەکە دروست دەبێت. هەر لەم باڵەدا ڕێنووسی وشەی «دڵ ئازارە» هەڵەیە و دەبێت بەم جۆرە «دڵازارە» بنووسرێتەوە. لە وشەی «ناوکی»ش هەڵەی ڕێنووسی هەیە. بۆ یەکدەست بوونی ڕێنووسی شیعرەکە، دێڕەکە بە ڕێنووسی ئارامی- عەرەبی نووسرایەوە و بەم جۆرە ساخکراوە:

تـفـڵـی دڵـی بـێـچـارە مـووددێـکە گـرفـتـارە

غەمـخـواری دڵازارە بـۆ نـاوەکـی مـوژگـانـت

واتا: دڵی داماو و کلۆڵی وەکوو منداڵم، ماوەیەکە پابەند و گیرۆدەیە و بەهۆی تیری برژانگەکانت لە ئازاردایە و خەمناکە، یان بە تیری برژانگەکانت خەمناکە و لە ئازاردایە.

*********

شـاهمە حەواسـم کە سـەکەم چەندە کەسـاسـم

بە خـودا نـیە غـیـرەت لە خـیـال و لە نـظـرمـا

(هەمان: ٢٣)

لە باڵی یەکەمدا، دەسـتەوشـەی «شـاهمە حەواسـم» هەڵەیە و بە خوێندنەوەی نوسـخە خەتتییەکان ڕوون بۆوە ئەو دەسـتەوشـەیە «شـاهیدمە حەواسم» ــــە کە بەو ساخکردنەوەیە واتا، وێنەی شیعری و لایەنی جوانیناسـیی دێڕەکە دەردەکەوێت. لە باڵی دووهەمیشدا وشەی «غیرەت» هەڵەیە و لە ڕاستیدا ئەو وشەیە «غەیرت» ـە کە واتای کەسێکی تری هەیە. دێڕەکە بە ڕێنووسی ئارامی- عەرەبی نووسرایەوە و بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

شـاهیدمە حەواسـم کەسـەکەم چەندە کەسـاسـم

بەخـودا نـیـیە غەیـرت لە خەیـاڵ و لە نەزەرمـا

واتا: ئەی هەموو کەسـەکەم! هەر پێنج هەسـتەکەم شـایەتی دەدەن چەندە وەڕەز و خەمبارم! وەڵڵا! بێجگە لە تۆ کەسێکی دیکەم لە خەیاڵدا نییە و خۆش ناوێت.

*********

تـۆ صـاحـب چـاە زنـخـدانـی قـوربـان

سـەد یـوسـف کـنـعـانـی دەیـبـەیـتـە زیـارەت

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ٣١)

لەم دێڕەدا، بە خوێندنەوەی باڵی یەکەم دەردەکەوێت لە نێوان دوو وشـەی «صـاحب» و «چاە»دا جێناوی «ئەم» و، پاشـان لە نێوان دوو وشـەی «زنخدان» و «قوربان»دا، کاری «بی» داکەوتووە و بە دانانی ئەم دوو وشـەیە کێشـی شـیعرەکە ڕێک دەبێت. لە باڵی دووهەمیشـدا، وشـەی «دەیبەیتە» هەڵەیە و بە تاوتوێی واتای دێڕەکە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان دەبێ ئەم وشـەیە «دەبێ بێتە» بێت. بە مەبەستی یەکدەستبوونی ڕێنووسی شـیعرەکە، دێڕەکە بە ڕێنووسی ئارامی- عەرەبی نووسرایەوە و، دوای ئەم لێکدانەوەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، بەم جۆرە ساخکراوە:

تۆ ســـــاحیبی ئەم چــاهی زەنەخــدانە بی قوربــان
ســـەد یـۆســـــفـی کەنـعــانـی دەبـیٚ بـێـتە زیــارەت

واتا: تا تۆ خاوەنی ئەم چاڵی چەناگەیە بی، سەدی وەکوو یۆسفی پێغەمبەر کە لە چاڵدا یەخسیر بووە، دەبیٚ بێتە زیارەتت.

*********

پـێـی ببـێـژە لەبـۆ شـــــوکــت تـو، فەخری زەمــانە
بــا بــوەســـــتە ئەرز و فەلەکــیــش چەتــری جەلالــت

(هەمان: ٣٤)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـەی «ببێژە» و جێناوی «تو»، هەڵەی ڕێنووسـییان هەیە و دەبیٚ بەم شـێوەیە: «بێژە» و «تۆ»، بنووســرێنەوە. لە باڵی دووهەمدا، دەســتەوشــەی «با بوەســتە» دوای لێکدانەوەی دێڕەکە و خوێندنەوەی نوســخە خەتییەکان دەرکەوت هەڵەیە و دەبیٚ بەم جۆرە بنووسرێتەوە: «پابووستە». بۆ یەکدەست بوونی ڕێنووسی شیعرەکە، وشـەی «شـوکت» بە ڕێنوسی ئارامی- عەرەبی بەم جۆرە: «شـەوکەت»، نووسـرایەوە و بۆ ڕێکبوونی کێشی شیعرەکە پێویستە «ی»یەک بەم وشەیە بلکێندرێت. دوای ئەم شرۆڤەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

پێـی بێژە لەبـۆ شــــەوکەتـی تـۆ، فەخری زەمــانە!
پــابــووســـــتە ئەرز و فەلەکــیــش چەتــری جەلالــت

واتا: پێی بڵیٚ ئەی هۆی شانازیی زەمانە و دەوران، لەبەر شکۆ و گەورەییت، عەرز ماچکەری پێتە و ئاسمانیش چەتری گەورەیی بۆ ڕاگرتووی.

*********

مەقبولە لەلای فەخری جیهــان شـــــیعری حەریقی
چــت بــیٚ هەیە مــدعــی بــیــکە ســـــۆالــت

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ٣٤)

لەم دێڕەدا، لە باڵی دووهەم وشەی«بیٚ» هەڵەیە و دوای لێکدانەوەی دێڕەکە و خوێندنەوەی نوسخە خەتییەکان، دەرکەوت ئەو وشــەیە دەبیٚ «پیٚ» بێت. هەر لەم باڵەدا دوای کاری «هەیە»، وشــەی «ئەی» و دوای وشــەی «مدعی»، کاری «بیٚ» داکەوتووە و بە نووسینیان واتای دێڕەکە دەردەکەوێت. هەروەها وشەی «سۆالت» هەڵەی ڕێنووسیی هەیە و دەبێت بە شێوەی «سوئالت» بنووسرێت. دوای ئەم لێکدانەوەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتییەکان، دێڕەکە بە ڕێنوسی ئارامی- عەرەبی بەم جۆرە ساخکراوە:

مەقبووڵە لە لای فەخری جیهان، شـیعری «حەریقی»
چــت پیٚ هەیە ئەی موددەعی بیٚ بیکە ســـوئـالــت

واتا: لە لای فەخری دونیا یان فەخرولعولەماش شیعری حەریق پەسند بووە؛ ئەی ئەو کەسەی داواکاری، هەرچی پێتە و دەتهەوێت و ئیددیعات هەیە، وەرە و پرسیار بکە.

*********

بەرقــی بەرق، دوژمـــنـــی دیــن، مــنــکــر بە دبــیــن
کەی دێتە ســـەر اخری مـن هەســـــتیم بە رعــایەت

(هەمان: ٣٦)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـــەی «بەڕق»، «ی»ی ئیزافەی کەمە و بەم جۆرە، لایەنی جوانیناســـیی هاوشـــێوەی لێکدراوی نزیک، نێوان دوو وشەی «بەرقی و بەڕقی» دادەپۆشرێت؛ بەڵام بە لکاندنی «ی»ی ئیزافە بە وشەی «بەڕق» لایەنی جوانیناسیی دێڕەکە دەردەکەوێت. وشەی «دوژمن» بەپێی تایبەتمەندیی شێوازناسیی شیعری کرمانجیی ناوەڕاست دەبێت بە بێژەی فارسی، واتە «دوشمن» بنووسرێتەوە. هەر لەم باڵەدا، نەپاراستنی مەودای نێوان وشەی «بە دبین» هۆی ناڕێکی واتایی بووە و دەبێت ئەم وشەیە بەسەر یەکەوە (بەدبین) بنووسرێتەوە کە واتای ڕەشبینی هەیە. لە باڵی دووهەمدا، بە لێکدانەوەی واتای دێڕەکە دەردەکەوێت وشەی «سەر» هەڵەیە و دەبێت ئەم وشەیە «ئەسەر» بە واتای کاریگەر بێت. هەر لەم باڵەدا وشـەی «اخری» هەڵەی ڕێنووسـی هەیە و هیچ هاوڕێژەییەکی واتایی لەگەڵ وشـەکانی باڵەکەدا نییە و دوای لێکدانەوەی دێڕەکە و خوێندنەوەی نوســـخە خەتتییەکان، ڕوون بۆوە ئەم وشـــەیە «خەرمەنی»یە. هەر لەم باڵەدا دەرکەوت جێناوی سـەربەخۆی «من»، زیادییە و دەبێ بقرتێت. سـەروای دێڕەکە، واتە وشـەی «رعایەت» هەڵەی ڕێنووسـی هەیە و دەبێت ئەم وشەیە بۆ ڕێکبوونی لەگەڵ سەروای سەرەکیی شیعرەکەدا بەم جۆرە، واتە «ڕیعایەت» بنووسرێتەوە. دوای ئەم شرۆڤەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

بەرقی بەڕقی دوشـــمنی دین، مونکیری بەدبین
کەی دێتە ئەســـەر خەرمەنی هەســـتیم بە ڕیعایەت

واتا: ئاگری ڕقاویی دوژمنی دین و حاشاکەری ڕەشبین، بە نۆرەش بێ، کەی کاریگەر دەبێت لە سەر خەرمانی بوونم، یان بە نۆرە دێتە سەر خەرمانی بوونم.

*********

نـان و ئـاوی ئەهلی دڵ عوســـــەیە و خوتبی جگەر
دەســـــتی بەرداوە لە عەرزە تـالـبـی نـانـی بەلاش

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ٥٨)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم لە وشەکانی «عوسسەیە و خوتبی»دا هەڵەی ڕێنووسی هەیە و دەبێ ئەو وشانە «غوسسەیە و خوێنی» بن. «هەر»یش پێش ئەو وشـــانە لە باڵەکە داکەوتووە. لە باڵی دووهەمدا وشـــەی «عەرزە» هەڵەیە و بەپێی لێکدانەوەی دێڕەکە و خوێندنەوەی نوســخە خەتتییەکان دەرکەوت ئەو وشـــەیە «عورزە»یە. دوای ســـاخکردنەوەی هەڵەکان، دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

نان و ئاوی ئەهلی دڵ هەر غوســـــــەیە و خوێنی جگەر
دەســـــتی بەرداوە لە عـورزە تـالـیـبـی نـانـی بەلاش

واتا: ئەهلی دڵ، واتە ئەو کەسـانەی دڵیان بە نووری خوداناسـی ڕووناک بۆتەوە، نانیان خەمە و ئاویان خوێناوی جەرگە و، دەستیان لە ماڵی دونیا و سامانی کە وەک منداری بۆگەنیوە بەرداوە؛ خوازیاری نانی مفتیش، دەستی لە عورزە بەرداوە و ڕووی کردۆتە مفتەخۆری.

*********

هەرکەســـــی دانگی شـــــعوری شـــــیعرێکی هەیە
ئەبلەیی دەنگ بۆتە ساحیب مولکی شـەش دانگ مەعاش

(هەمان: ٥٨)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشەکانی «هەرکەسی» و «دانگی»، هەڵەی ڕێنووسییان هەیە و کاری «بێ»، دوای وشەی «شعوری» لە باڵەکە داکەوتووە. دوای لێکدانەوەی دێڕەکە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان دەرکەوت وشەی «شیعرێکی»، دەبێ «شەعیرێکی» بە واتای «دەنکە جۆ» بێت کە درکەیە لە شتێکی چکۆلەی بێبایەخ. هەر لەم باڵەدا، کاری «هەیە» هەڵەیە و دوای لێکدانەوەی باڵەکە دەرکەوت ئەم کارە دەبێ «نییە» بێت کە بەم جۆرە واتای باڵەکە دروست دەبێت. لە باڵی دووهەمیشدا، لە وشەی «مولکی»دا هەڵەی ڕێنووسی هەیە و دەستەوشەی «ئەبلەیی دەنگ» بێواتایە و بەپێی شرۆڤەی دێڕەکە ئەم دەستەوشەیە دەبێت «ئەبلە بێدەنگ» بێت. پاشان هەر لەم باڵەدا لە وشەی «دانگ»دا دەبێ «ی»ی ئیزافە بۆ ڕێکبوونی کێشی شیعرەکە زیاد بکرێت. دوای ساخکردنەوەی هەڵەکان، دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

هەرکەسێ دانگی شعووری بێ، شەعیرێکی نییە
ئەبلە بێدەنگ بۆتە ساحێب مولکی شەشدانگی مەعاش

واتا: ئەو کەسەی دانگێک هۆش و مشووری هەیە، دەنکە جۆیەکی نییە و نەفامیش بە بێدەنگی بۆتە خاوەنی شەشدانگی ڕزق و ڕۆزی (شەعیر: نێوی دەغڵێکی ناسراوە کە لە فەرهەنگی فارسیدا جۆی پێ دەڵێن).

*********

تەسکینی دڵت هاتووە ئۆخەی کە حەریقی
یارب کە بە خوێنی جگەرت کەفی حەزینە

(دیوانی حەریق، ۲۰۱۱: ۱۱٤)

لەم دێڕەدا، لە باڵی دووهەم دوای تاوتوێی واتای دێڕەکە، ڕوون بۆوە کە وشەی «یارب» بەو پێیەی دوای ئەو، دەستەوشەی «خوێنی جگەر» هاتووە، دەبێ ئەم وشەیە «یارت» بێت. هەر لەم باڵەدا وشەی «حەزینە» هەڵەیە و بەو پێیەی دوای وشەی «کەف» هاتووە، دەبێ ئەم وشەیە «خەزیبە» بە واتای ڕەنگکراو، یان خەناوی بێت و بەم جۆرە، وێنەی شیعریی دێڕەکە دەردەکەوێت. دوای ئەم لێکدانەوەیە، دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

تەسکینی دڵت هاتووە ئۆخەی کە «حەریقی»
یارت کە بە خوێنی جگەرت کەففی خەزیبە

واتا: دڵت بەوە سوکنایی هاتووە حەریقی، وا دڵبەرت لەپی دەستی بە خوێنی جەرگت ڕەنگ کردووە، یان سوور و خەناویی کردووە.

*********

تاقی هیجرانی بڕۆت جێی نازە بۆ ئەهلی نیاز
سوفی وابزانێ کچە هێندە کەر بوو خۆی گێڕایەوە

(هەمان: ۱۲۸)

لەم دێڕەدا، بە شی کردنەوەی باڵی یەکەم بەو ئەنجامە دەگەین کە وشەی «هیجرانی» هەڵەیە و واتای دێڕەکەی ناڕێک کردووە. بەپێی نیشانە (قەرینە)کانی دێڕەکە، ڕوون بۆوە کە ئەم وشەیە «میحراب»ـە و لەگەڵ وشەی «برۆ» شوبهاندنێکی ڕەوانی ناسراوە؛ کە بەم جۆرە لایەنی جوانیناسیی باڵەکەش بەهێز دەبێت. لە باڵی دووهەمیشدا، سەرەتا لە وشەی«سوفی»دا هەڵەی ڕێنووســـی هەیە. هەر لەم باڵەدا وشـــەکانی «وابزانێ و کچە» هەڵەن و بەپێی واتای دێڕەکە و خوێندنەوەی باڵی یەکەم و دەرخســتنی شــوبهاندنی ڕەوانی «میحرابی برۆ»، دەبێت ئەم وشــانە «وەیزانی و کەچە» بن. وشــەی «هێندە» بۆ ڕێکبوونی کێشی دێڕەکە پێویستە بکرێتە «هێند». دوای ئەم لێکدانەوەیە، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

تــاقــی مــیـحـرابـی بـرۆت جێـی نــازە بـۆ ئەهـلـی نــیــاز

ســــــۆفـی وەیـزانـی کەچە هـێـنـد کەر بـوو خـۆی گـێـڕایەوە

واتا: تاقی میحرابی برۆی بۆ هەژارانی خۆشـــەویســـتی جێگای نازە، بەڵام ســـۆفی پێیوابوو خوارە و هێندە نەزان بوو، گێڕایەوە.

*********

بیســــتــانی پەرچەمی ئـاشـــفتە ســـەرگەردان و ژولیــدە

بەمیســـــلی زولفی ســـــونبول دڵ هەمیشـــە حـاڵی شـــێواوە

(هەمان: ١٣٠)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـەی «بیسـتانی» هەڵەیە و بەپێی خوێندنەوەی باڵی دووهەم و ڕازەی شـوبهاندنی دێڕەکە، دەرکەوت ئەم وشـەیە ئامرازی شـوبهاندنی «بەسـانی»یە. هەر لەم باڵەدا وشـەی «ئاشـفتە» هەڵەی ڕێنووسـی هەیە و بە ڕێنوسـی ئارامی- عەرەبی بەم جۆرە نووسـرایەوە: «ئاشـوفتە»، کە واتای بڵاوی هەیە و ئاوەڵناوێکی ناسـراوە بۆ پەرچەم. دوای ئەو شرۆڤەیە، دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

بەســـــانی پەرچەمی ئـاشـــوفتە ســـەرگەردان و ژوولیـدە

بەمیســـــلی زولفی ســـــونبول دڵ هەمیشـــە حـاڵی شـــێواوە

واتا: دڵم وەک پرچی ئاڵۆزکاوە، یان وەک سەروقژی نێوچاوان، بەردەوام شێواوە.

*********

هەوای تـافەی غەزالە ڕێی خوتەن تووشـــی خەتـای کردم

بەیــادی موشــــکی زوڵفی روم لە چینی پەرچەمی مــاوە

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ١٣٠)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـــەکانی «تافە» و «غەزالە» هەڵەن و لە باری واتاییەوە، هاوڕێژەییان لەگەڵ وشـــە سەرەکییەکانی دێڕەکەدا نییە. بەو پێیەی دوای وشەی «تافە»، وشەکانی «غەزال و خوتەن و موشک» هاتووە، دەبێت ئەم وشـەیە، «نافە» بێت و، وشـەی «غەزالە» بۆ ڕێکبوونی کێشـی دێڕەکە، دەبێ بکرێتە «غەزالی» بە واتای ئاسـک. لە باڵی دووهەمدا وشەی «ماوە» کە سەروای دێڕەکەیە، هەڵەیە و دروست وایە ئەم وشەیە بکرێتە «ناوە»، کە بەم جۆرە واتای دێڕەکە دروست دەبێت. دوای ئەم لێکدانەوەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

هەوای نافەی غەزالی ڕێی خوتەن تووشـی خەتای کردم

بە یادی میشـکی زولفی ڕووم لە چینی پەرچەمی ناوە

واتا: من بە هەوای میشـکی ئاسـکی وڵاتی خوتەن، تووشـی هەڵە بووم و ڕێی خەتام گرتەبەر و لە سـۆی میشـکی بۆنخۆشی ئەگریجەش بوو ڕێی چینی پەرچەمی دڵبەرم وەبەرهات و داخوازی بووم و ڕووم لێناوە.

********

نیراح و روح و حەیاتی من بەجلوەی سـاقی یە باقی

نەوەک وەک سـپلە بۆ سـفرە لە دوی نان چاوی پرئاوە

(هەمان: ۱۳۲)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـەی «نیراح» بێواتایە و بە لێکدانەوەی واتای دێڕەکە و سـەرنجدان بە ئاڵقەی پەیوەندیی واتایی نێوان وشـەکان، دەردەکەوێت ئەم وشـەیە دەبێ «نمای» بێت کە لەگەڵ وشـەی «ڕووح» هاوڕێژەیی دەبێت. لە باڵی دووهەمدا وشـەی «سـوفلە» بە بێژەی کوردی نووسـراوە و کراوەتە «سـپلە»؛ ئەم بابەتە وەک هەڵەیەکی دیاری زۆربەی دێڕەکانی ئەم دیوانە ناسراوە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعری قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاست لە ئاستی زمانیدا، ڕەنگدانەوەی وشەگەلی فارسی و عەرەبییە و ئەم وشانە دەبێت هەر بە بێژەی فارسی و بە ڕێنووسی کوردی بنووسـرێن. ئەم بابەتە وەک دیاردەیەکی دیاری ئەو قوتابخانەیە ناسـراوە، کەوایە بێ ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندییە، ئەم گۆڕانکارییە لە شیعری حەریقدا بەتەواوی هەڵەیە. هەر لەم باڵەدا دەستەوشەی «لە دووی نان»، دەکرێت بە شێوەی «لە دوونان»یش بنووسـرێت و، دیسـان دەکرێت «دوونان»، بە «دوو نان»یش بخوێندرێتەوە. دوای ئەم لێکدانەوەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

نمای ڕووح و حەیاتی من بە جیلوەی سـاقییە باقی

نەوەک وەک سـوفلە بۆ سـفرە لە دوونان، چاوی پڕ ئاوە

واتا: ئەگەر نمایەک لە ڕووح و ژیانم ماوە، لەبەر دەرکەوتنی جوانیی مەیگێڕە. وەک کەسـانی پێنەزان نیم بۆ سفرەیەکی هەژارانە چاویان پڕ بووە لە ئاو، یان وەک مرۆی سپڵە نیم بۆ نانی سفرەیەک چاوی پڕ لە فرمێسک بووە.

********

وەکوو پەروانە بۆ شـەمعی جەمالی تۆ (حەریق) ئەمڕۆ

چرای شـەوقی بگیرێت تەیبت خۆشـی هەڵسـاوە

(دیوانی حەریق، ۲۰۱۱: ۱۳٤)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشەی «جەمالی» دەبێ بە «ڵ» بنووسـرێت. لە باڵی دووهەمدا دوای وشـەی «شـەوقی»، «بە» داکەوتووە و، هەروەها وشـەی «بگیرێت» لەم باڵەدا بێواتایە و بەپێی ئەوەی پێش ئەو وشـەی «چرا» وەک نیشـانە (قەرینە) هاتووە، دەبێ ئەم وشـەیە «کیبریت» بێت کە لەگەڵ وشـەکانی «چرا، هەڵایسـان، پەروانە و شـەمع»دا دەربڕی ڕازەی چاولەیەکن. پاشـان وشـەی «تەیبت»یش هەڵەیە و بە خوێندنەوەی نوسـخە خەتتییەکان دەرکەوت ئەم وشـەیە دەبێت «تەبیعەت» بێ. هەر لەم باڵە لە وشـەی «خۆشـی»دا، «ی»ی ئیزافەی دوای وشـەکە بۆ ڕێکبوونی کێشـی شـیعرەکە پێویسـتە بقرتێت. سـەروای دێڕەکە، واتە «هەڵسـاوە» هەڵەیە و بە خوێندنەوەی نوسـخە خەتییەکان دەرکەوت ئەم وشـەیە «هەڵایساوە»یە کە هەم لەگەڵ سەروای گشـتیدا خوێندنەوەی هەیە و هەم بەم ساخکردنەوەیە، واتای دێڕەکە ڕێک دەبێت. دوای ئەم لێکدانەوەیە، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

وەکوو پەروانە بۆ شـــەمعی جەمـاڵی تۆ «حەریق» ئەمڕۆ

چرای شـــەوقی بە کیبریتی تەبیعەت خۆش هەڵایســـاوە

واتا: حەریق ئەمڕۆ وەکوو پەپوولە بە دەوری مۆمی جوانیتدا دەسووڕێتەوە و بە ئاوری شەمچەی سروشتییەوە، چرای مەیل و تاسەی، باش هەڵگیرساوە و ڕووناکیی هەیە.

*********

خەونـم لەخـوا چـونـکە لەبەر غەیـری خـوایە

دیـمەنـم بەد روو سـورەت وەک خەوف و رەجـایە

(هەمان: ١٣٩)

بە خوێندنەوەی ئەو دێڕە، دەردەکەوێت باڵی یەکەم و دووهەم دەربڕی هیچ واتایەکی ئەدەبی نین. لە باڵی یەکەمدا وشەی «خەونم» هەڵەیە و بە لێکدانەوەی واتای شیعرەکە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، ڕوون بۆوە کە ئەم وشەیە «خۆفم»ـە و بەم ساخکردنەوەیە واتای باڵەکە ڕێک دەبێت. لە باڵی دووهەمدا وشـەکانی «دیمەنم بەد روو»، هۆی شـێواویی واتای دێڕەکە بوون و بە لێکدانەوەی واتای شیعرەکە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان دەرکەوت ئەم وشانە لە ڕاستیدا «ئەمنم بە درۆ»ن. هەر لەم باڵەدا وشەی «سورەت» هەڵەیە و ئەم وشـەیە دەبێ بەم جۆرە بنووسـرێتەوە: «سـووڕەتی». هەروەها وشـەی «خەوف» هەڵەیە و دوای خوێندنەوەی نوسـخە خەتتییەکان دەرکەوت ئەم وشەیە «خۆف»ـە. دوای ئەم لێکدانەوەیە، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

خـۆفـم لە خـودا چـونـکە لەبەر غەیـری خـودایە

ئەمـنـم بە درۆ، سـووڕەتـی وەک خـۆف و ڕەجـایە

واتا: چونکە لەبەر غەیری خودا، لە خودا دەترسـم، بەهۆی ئەم درۆوە، شـێوەی ڕوخسـارم وەکوو خۆف و ڕەجا وایە (هەم دەترسم و هەم ناترسم).

*********

چـاوی بەتەمەع پـڕ بـووە، تەلـبـی بە حەسـادەت

وەک بەهـائـیـم رەحەتـی هەر لە شـەودایە

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ١٤٣)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـەی «تەلبی» هەڵەیە و بە لێکدانەوەی واتای باڵەکە و خوێندنەوەی نوسـخە خەتتییەکان ڕوون بۆوە ئەم وشەیە «قەلبی»یە کە لەگەڵ وشەی «حەسادەت»دا هاوڕێژیی هەیە و بەم جۆرە، واتای دێڕەکە دروست دەبێت. لە باڵی دووهەمدا دوای تاوتوێی دێڕەکە دەرکەوت لە نێوان ئامرازی شـوبهاندنی «وەک» و وشـەی «بەهائیم»دا، وشـەی «تەبعی» داکەوتووە و بەم داکەوتنە، واتای باڵەکە ناتەواو بووە. هەر لەم باڵەدا سـەروای دێڕەکە، واتە «شـەودایە» هەڵەیە و بۆ ڕێکبوونی لەگەڵ سـەروای گشتی، دەبێت بکرێتە «شەوایە». دوای پاراستنی مەودای نێوان وشەکان و لێکدانەوە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

چـاوی بە تەمەع پـڕبـووە، قەلـبـی بە حەسـادەت

وەک تەبـعـی بەهـایـم ڕەحەتـی هەر لە شـەوایە

واتا: وەک سرشتی چوارپێیەکان ئۆقرەیی هەر بە شەو بێت، ئەو نەفامە بۆی تەواوە، چون چاوی بە چاوچنۆکی و دڵی بە ئێرەیی پڕبۆتەوە.

*********

لەبەر شـــــیـریـنـی پەیـوەنـد نـیـیە تـا عەزیـزان

لەلامم فـایقە وەک ئیشـــکەر شـــەهـدو مونـایە

(هەمان: ١٤٩)

لەم دێڕەدا، باڵی یەکەم بەگشـتی دەربڕی هیچ واتایەکی ئەدەبی نییە و بە خوێندنەوەی نوسـخە خەتتییەکان هەڵەبوونی باڵەکە دەردەکەوێت. لە باڵی دووهەمدا «و»ی پەیوەندیی نێوان دوو وشـــەی «فایقە» و «وەک» داکەوتووە. هەروەها لە وشـەکانی «لەلامم، ئیشـکەر و مونایە»دا هەڵەی ڕێنووسـی هەیە و بۆتە هۆی ناڕێکیی واتایی دێڕەکە. «مونایە» لێرەدا واتایەکی ڕوونی نییە، بەڵام بەپێی پێوەری ڕەوانبێژی دەتوانین بڵێین ئەم وشـــەیە چون دوای وشـــەی «شـــەهد» هاتووە و دیارترین تایبەتمەندیی «شـەهد» خۆشـی و گوارا بوونە، دەبێت ئەم وشـەیە «موهەننایە» بێت کە بەم جۆرە واتا و سـەروای دێڕەکە دروســت دەبێت. وشــەی «شــەهد»یش لەگەڵ «موهەننایە» دەبێت بە شــێوەی لێکدراوی ئاوەڵناوی «شــەهدی موهەننایە» بنووسرێت تا واتای دێڕەکە دروست بێت. دوای ئەم لێکدانەوەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

لەبەر شـــیـریـنـی پەیـوەنـدی نەیســـتـانـی عەزیـزانم

کەلامم فایقە و وەک نەیشـــەکەر، شـــەهدی موهەننایە

واتا: لەبەر شیرنایی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئازیزانەی باڵایان وەکوو نەی باریک و ڕاستە، قسەکانم زاڵ و سەرکەوتوون و شیرنییان لێدادەچۆڕێت و وەکوو هەنگوینی خۆش و دڵخوازن.

*********

لە مـوژدەی نەوبەهــاری غەلـغەلەی بـولـبـول لەدەوری گـوڵ

وەکـو قـومـری دەبـێ تەوقـی وەفــای ســـــەردەم لە مـــل دابـێ

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ١٥٤)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـــەی «غەلغەلەی» هەڵەیە و بە لێکدانەوەی واتـای دێڕەکە و خوێنـدنەوەی نوســـخە خەتتییەکان دەبێ ئەم وشـەیە «غولغولی»، بە واتای ئاواز بێت کە بەم جۆرە واتای دێڕەکەش دروسـت دەبێت. هەر لەم باڵەدا بۆ ڕێکبوونی کێشی شیعرەکە پێویستە لە وشەی نەوبەهاری، «ی»ی دوایی بقرتێت و واوی پەیوەندی لە نێوان وشەکانی «نەوبەهار» و «غولغولی»دا زیاد بکرێت. لە باڵی دووهەمیشـــدا، وشـــەی «ســـەردەم» بە هەڵەیە و هیچ خوێندنەوەیەکی لەگەڵ وشەکانی ئەم باڵەدا نییە و بەهۆی ئەوەی هەر لەم باڵەدا وشەی «قومری» هاتووە، دەبێ ئەم وشەیە «سەرو» بێت و بەم جۆرە لەگەڵ وشـــەی قومریدا هاوڕێژەییان هەیە و، بەم ســـاخکردنەوەیە لایەنی جوانیناســـی و وێنەی شـــیعریی دێڕەکە دەردەکەوێت. دوای ئەم لێکدانەوەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

لە مـوژدەی نەوبەهــار و غـولـغـولـی بـولـبـول لە دەوری گـوڵ

وەکـوو قـومـری دەبـێ تەوقـی وەفــای ســـــەروم لە مـلـدا بـێ

واتا: مزگێنی بەهار کە درا و گمەگمی بولبولم لە دەوری گوڵ بیسـت، دەبێ منیش وەکوو کۆترەشـینکە تەوقی وەفای سەوڵ بکەمە ملم و ئەوین و وەفاداریم بە باڵای سەوڵ ڕابگەیەنم.

*********

له کەرەمـــی لــوتــفــی مەولاوە نــیــیە ســـــاردی لەمەولاوە
بەســــەرمــا رویــدە ســــەرمــا، نــیە بــاکــم بەســــەرمــابــێ

(هەمان: ١٥٥)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـــەی «کەرەمی» هەڵەیە و ســـاخکەرەوە لە خوێندنەوەی ئەم وشـــەیەدا تووشـــی هەڵە بووە و بە خوێندنەوەی نوســـخە خەتتییەکان ڕوون بۆوە ئەم وشـــەیە «گەرمی»یە و بەم جۆرە واتای دێڕەکە و لایەنی جوانیناســـیی باڵەکە دەردەکەوێت. هەر لەم باڵەدا بەپێی شـــێوازناســـیی ئاســـتی زمانیی قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاســـت، دەســـەلمێندرێت وشـــەی «سەردی» بە هەڵە کراوەتە «ساردی» و بەم گۆڕانکارییە، شێوازی شیعری حەریقی لە ئاستی وشەدا تێکدراوە و ساخکەرەوە بێ ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندییە، ئەم وشـــەیەی بە بێژەی کوردی نووســـیوەتەوە. لە باڵی دووهەمدا، وشـــەی «رویدە» هەڵەیە و واتای دێڕەکەی لێڵ کردووە؛ بە خوێندنەوەی نوســـخە خەتییەکان دەرکەوت ئەم وشـــەیە «ڕۆییوە»یە و بەم جۆرە، واتای دێڕەکە دروســـت دەبێت. هەر لەم دێڕەدا، «نییە» لە باڵی یەکەم بە دوو «ی» و لە باڵی دووهەمدا بە یەک «ی» نووســـراوە و لە باری ڕێنووسییەوە ئەم کارە یەکدەست نەنووسراوە. دوای خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

لە گەرمـــی لــوتــفــی «مەولا»وە نــیــیە ســـــەردی لەمەولاوە
بەســــەرمــا ڕۆییوە ســــەرمــا، نییە بــاکــم بەســــەرمــا بێ

واتا: لە گەرمیی خۆشەویستی و میهرەبانیی حەزرەتی مەولاوە، لەمە بەولاوە ناهومێدی و ناخۆشی، واتە سەرما نامێنێت. سـەردەمی ناخۆشـی تێپەڕیوە و ئیدی لەوە ناترسم خۆشـەویسـتەکەم بەسـەرمدا ڕابوێرێت، واتە هەموو چەشـنە بەسـەرهاتێکی ناخۆشم چێژتووە و خاوەن ئەزموونم و بۆیە لە چارەنووس ترسم نییە.

*********

لە دامێـنـی خەیــالـمــدا مـنـی گـول بـچـنە ئەی شــــــاهـیـد
بە شــــەرتێ شــــــاهی شــــمسالـــدین لەدڵـمــا جلوە ئــارابێ

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ١٥٥)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم دەستەوشەی «خەیالمدا منی» هەڵەیە و ساخکەرەوە لە خوێندنەوەی ئەم باڵەدا تووشی هەڵە بووە و بە نەپاراســتنی مەودای نێوان وشـەکان، واتای دێڕەکە تێکدراوە. بە خوێندنەوەی نوسـخە خەتییەکان دەرکەوت ئەم دەسـتەوشـەیە دەبێ «خەیاڵم دامەنێ» بێ کە بەم جۆرە واتای دێڕەکە دروســت دەبێت. هەر لەم باڵەدا، پیتی «ل» لە وشـــەکانی «خەیالم» و «گول»دا دەبێ بە «ڵ» بنووســـرێن. لە باڵی دووهەمدا وشـــەکانی «شـــمسالدین» و «جلوە ئارا» بە نیومەودا و بە ڕێنوســـی ئارامی- عەرەبی بەم جۆرە نووسرانەوە: «شەمسەددین» و «جیلوەئارا». دوای ئەم شرۆڤەیە دێڕەکە بەم جۆرە نووسرایەوە:

لە دامێـنـی خەیــاڵـم دامەنێ گـوڵ بـچـنە ئەی شــــــاهـیـد
بە شــــەرتێ شــــاهی «شــــەمســــەددین» لە دڵما جیلوەئارا بێ

واتا: ئەی جوانڕوخسار لە داوێنی خەیاڵمدا کۆشێک گوڵی خۆشەویستی بچنە، بەو مەرجەی شێخ شەمسەددین بورهانی لە دڵمدا خۆی بنوێنێت.

*********

رەئیســــــی هەورو توپچی رەعـــدو تۆپ و بەرق و نیزام بــاران

نەســــــیـــم پـــێـــش رەو تەلـــیـــعە تەرزە فەراش دەبـــێ بـــابـــێ

(هەمان: ١٥٦)

لەم دێڕەدا، شـــوبهاندنی بڵاو هەیە؛ واتە هەر شـــوبهێنراوێک لەگەڵ پێشـــوبهێنراوی خۆی هاتووە. لە نێوان وشـــەکانی «ڕەئیس، تۆپچی، تۆپ، پێشرەو و تەلیعە»شدا ڕازەی چاولەیەک هەیە و بە دەرخستنی ڕازەکانی ئەم دێڕە، وێنەی شیعری و هەڵەبوونی باڵەکان زیاتر دەســەلمێنرێت. لە باڵی یەکەمدا، «ڕەئیســی هەور» بەپێی جۆری شــوبهاندنەکە دەبێت بەم جۆرە بنووسـرێتەوە: «ڕەئیسـە هەور» و، هەر لەم باڵە لە وشـەی «توپچی»دا هەڵەی ڕێنووسـی هەیە و لە وشـەکانی «تۆپ و بەرق»دا واوی نێوان دوو وشـەی تۆپ و بەرق زیادییە. لە باڵی دووهەمدا وشـەی «پێش» و «ڕەو» دەبێت بە سـەریەکەوە و بێ‌مەودا بنووســـرێن. هەر لەم باڵەدا لە دوای وشـــەی «فەراش» و «تەلیعە»دا، «ی»ی ئیزافە بۆ ڕێکبوونی واتای دێڕەکە دەبێ بلکێندرێت. دیارترین هەڵەی ئەم باڵە و زۆربەی دێڕەکانی تری دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ، نەپاراستنی مەودای نێوان وشەکانە. دوای تاوتوێی دێڕەکە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

ڕەئیســـە هەور و تۆپچی ڕەعـد و تۆپ بەرق و نیزام بـاران

نەســـیم پێشـــڕەو، تەلیعەی تەرزە، فەرڕاشـــی دەبێ بـا بێ

واتا: هەور ســـەرۆکە، چەخماخە تۆپچییە و برووســـکە تۆپ و بارانیش نیزامە، ســـروەبا پێشـــڕەوە و تەرزە ئاڵاهەڵگر و فەرشڕاخەریشی دەبێ با بێت.

*********

تـاڵـێـوی شـــــیـریـنـی زەمـانە بە مەزاقـت نـابـێ

چـا نـیـیە ســــاقـی بـدا بـادەو تـۆ بـڵـێـی نـابـێ

(دیوانی حەریق، ۲۰۱۱: ۱۶۲)

لەم دێڕەدا، بە خوێندنەوەی باڵی دووهەم دەردەکەوێت لە باڵی یەکەمدا دەســتەوشــەی «تاڵێوی»، لە باری ڕێنووســی و واتاییەوە هەڵەیە و بە لێکدانەوەی واتای باڵەکان و خوێندنەوەی نوســخە خەتتییەکان ڕوون بۆوە ئەم دەســتەوشــەیە «تاڵ و شـیرینی»یە و بەم جۆرە، واتای دێڕەکە و لایەنی جوانیناسـیی شـیعرەکە دەردەکەوێت. هەر لەم باڵەدا بۆ وشـەی «نابێ»، دوای تاوتوێی واتای دێڕەکە و خوێندنەوەی نوسـخە خەتتییەکان، بەو ئەنجامە گەیشـتین کە بەهۆی بوونی هاوڕێژەیی نێوان وشـەکانی «تاڵ، شـیرین و مەزاق»، دەبێت دوو وشـەی «چا بێ» بێت کە لەگەڵ وشـەی «چا» لە باڵی دووهەمدا ڕازەی هاوشـــێوەی تەواو پێکدەهێنن و بەم ســـاخکردنەوەیە، لایەنی جوانیناســـیی دێڕەکە وێنا دەکرێت. دوای ئەم شـــرۆڤەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

تـاڵ و شــــیـریـنـی زەمـانە بە مەزاقـت چـا بـێ

چـا نـیـیە ســــاقـی بـدا بـادە و تـۆ بـڵـێـی نـابـێ

واتا: خۆشـی و ناخۆشـیی چارەنووس، واتە شـیرینی و تاڵیی ڕۆژگارت پێخۆش بێت؛ باش (چا) نییە مەیگێڕ شـەڕابت داتێ و تۆ بڵێی نا نامهەوێت.

*********

لەیەکـن دیـدەی فـتـیـلەی مـژدە و روغـن ئـاە

بـۆ شـــەوی وەســـلی لە ســـەدلاوە چراخـانم دی

(هەمان: ۱۷۰)

لەم دێڕەدا، باڵی یەکەم بەتەواوی ناتەواوە و، لە باری واتاییەوە دەربڕی هیچ واتایەکی ڕوون نییە. وشەی «مژدە» هەڵەیە و بەپێی خوێندنەوەی نوسخە خەتییەکان دەردەکەوێت ئەم وشەیە «موژە»یە. بەپێی پێوەری ڕەوانبێژی، کۆڵەکەی سەرەکیی وێنەی شیعریی ئەم دێڕە، شوبهاندنی بڵاوە؛ واتە هەر شوبهێنراو و پێ‌شوبهێنراوێک لەگەڵ یەکدا هاتوون و بەم پێیە شاعیر «دیدەی» بە «لەگەن» و «موژەی» بە «فتیلە» و «ئاهیشـــی» بە «ڕەوغەنی چرا» شـــوبهاندووە و بەم لێکدانەوەیە هەڵەبوونی وشە دەستنیشانکراوەکانی باڵەکە دەسەلمێنرێت. هەروەها لەم باڵەدا وشەی «روغن»، دوای ئەوەی بە ڕێنووسی ئارامی- عەرەبی نووســرایەوە، بۆ ڕێ‌بوونی کێشــی شــیعرەکە پێویســت بوو «ی»ی ئیزافەی بۆ زیاد بکرێت. لە باڵی دووهەمیشدا «ل» لە وشەی «وەسلی»دا دەبێت بە «ڵ» بنووسرێت. دوای ئەم شرۆڤەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان و بەراوردیان لەگەڵ یەکتر، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

لەگەنی دیـدە، فـتـیـلەی مـوژە و ڕەوغەنـی ئـاهـ

بۆ شـــەوی وەســـڵی لە ســـەد لاوە چراغـانم دی

واتا: لە شەوی پێکگەیشتندا چاوم کە داگیرساوە، دەڵێی لەگەنە و برژانگم دەڵێی پلێتەکەیەتی و ئاخەکانیش وەک ڕۆنی چراکەن.

*********

منیش بـاری خەجـالەت وا لەســـەرشـــانم کە نـاتوانم

لەژێـر پـاپی لەبەردپێ نـێم خـودا هەرتـۆ کە ڕەحمـانی

(دیوانی حەریق، ٢٠١١: ١٧٥)

لەم دێڕەدا، بە تاوتوێی واتای باڵی دووهەم دەردەکەوێت دەستەوشەی «لەژێر پاپی لەبەردپێ»، دەربڕی هیچ واتایەکی ڕوون نییە و هیچ وێنەیەکی شیعری نانوێنێت و واتای دێڕەکەی ناڕێک کردووە. دوای دەرخستنی هەڵە و ناتەواویی دێڕەکە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، باڵەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

منیش بـاری خەجـاڵەت وا لەســـەر شـــانم کە نـاتوانم

لەژێریـا پێ لەبەر پێ نێم خودا هەر تۆی کە ڕەحمـانی

واتا: منیش باری شەرمەزاریم لە سەر شانە و ناتوانم لە ژێر ئەو بارە قورسەدا پێ بخەمە ژێر پێوە و پێ بگوێزمەوە و بڵێم خودایە هەر تۆی ڕەحمان و بەخشەندە.

*********

خیـتـابـاتی جەدەل ئەمڕۆ یەقـینە ســـەختەی مەحزە

نەتـیـجەی ئەوەلـی فـکـرم قـیـاســـی کەوتە بـورهـانـی

(هەمان: ١٧٦)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم وشـــەکانی «خیتاباتی» و «ســـەختەی» هەڵەن و بەپێی ئەوەی هەر لەم دێڕەدا وشـــەکانی «جەدەل، قیاس و بورهان» هاتووە، دەبێت ئەم وشـانە «خەتاباتی» و «ســەفســەتەی» بن کە لە نێوانیان ڕازەی چاولەیەک هەیە. دوای ئەم شرۆڤەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

خەتـابـاتی جەدەل ئەمڕۆ یەقینە ســـەفســـەتەی مەحزە

نەتیجەی ئەووەڵی فکرم قیـاســـی کەوتە «بورهـان»ی

واتا: مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە باسە کەلامییەکان و ئیستدلالە عەقڵانییەکان نەیانتوانیوە قانعم بکەن، کەوایە لە خزمەت خواناسی گەورە، شێخ شەمسەددین بورهانیدا ڕوو لە ئیشراقی دەروونی دەکەم. واتە قسەکانی لەگەڵ جەدەل، ئەمڕۆ ڕوونە کە درۆ و سەفسەتەیە و، یەکەم ئەنجامی بیرم بە شێوەی قیاسی بەرەو بورهان ڕێنوێنی کردم. واتە شێخی بورهان دوور لە ناڕاستییە.

*********

خوا لەدەست شۆخی کە وەختی عیشوە ئەنوێنیٚ
سرری تۆبەی مەلاو راهید بەنۆبەی جلوە ئەشکێنیٚ

(هەمان: ۱۷۸)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەم دوای وشەی «خوا»، وشەی «تۆبە» داکەوتووە و لە وشەکانی «شۆخی و وەختی»دا هەڵەی ڕێنووسی هەیە کە بە هۆی بوونی ئەم جۆرە هەڵانەوە کێشی شیعرەکە ناڕێک بووە. دوای لێکدانەوەی دێڕەکە دەرکەوت ئەم وشانە دەبیٚ بەم شێوەیە بنووسرێنەوە: «شۆخیٚ و وەختیٚ». هەر لەم دێڕەدا، لە وشەکانی «ئەنوێنیٚ و ئەشکێنیٚ»دا پێشگری «ئە»هەڵەیە، چونکوو بەپێی تایبەتمەندییە شێوازناسانەکانی شیعری کرمانجیی ناوەڕاست، دروست وایە بکرێتە «دە» و بەم جۆرە بنووسرێنەوە: «دەنوێنیٚ و دەشکێنیٚ». لە باڵی دووهەمدا وشەی «سرری» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و دەبیٚ ئەم وشەیە «سەری» بێت کە لەگەڵ وشەی «تۆبە»دا لێکدراوی «سەری تۆبە» دروست دەکەن کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لێکدراوێکی ناسراوە. هەر لەم باڵەدا وشەی «راهید» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و ئەم وشەیە دەبێت «زاهید» بیٚ کە لەگەڵ وشەی «مەلا»دا هاوڕێژەیی هەیە. دوای ئەم شرۆڤەیە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بە ڕێنووسی ئارامی- عەرەبی بەم جۆرە ساخکراوە و نووسرایەوە:

خودا تۆبە لە دەس شۆخیٚ کە وەختیٚ عیشوە دەنوێنیٚ
سەری تۆبەی مەلا و زاهید بە نۆبەی جیلوە دەشکێنیٚ

واتا: خودایە، هاوار لە دەست شۆخێک کە وەختێک بە لەنجەولار خۆی دەنوێنێت و ناز دەفرۆشێت، بەو کردەوە سەری هەودای تۆبە و باوەڕ و ئیمانی مەلا و زاهید هەڵدەوەشێنێتەوە و بە هەر جارێک خۆنواندنی، تۆبەیان دەشکێنێت.

### ۸- ئەنجام

بە لێکدانەوە و تاوتوێی دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ، بەم ئەنجامانە گەیشتین کە ئەم دیوانە لێوڕێژە لە ناتەواوی. بۆ نموونە هەڵەی پیتچنی، هەڵەی ڕێنووسی و یەکدەست نەبوونی ڕێنووسی شیعرەکان، هەڵەی لێکدانەوەیی و داکەوتنی وشە، لەو بابەتانەن کە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم دیوانەی بۆ خوێنەر ئاستەم کردووە و لە زۆر شیعردا گەر خوێنەر وردبین نەبێت، ڕەنگە تووشی سەرلیٚشێوای و تێگەیشتنی هەڵە دەبێت. بە هۆی نەپاراستنی مەودا و نیومەودای نێوان وشەکان لە زۆر دێڕدا وشە شیعرییرکان وەها پێکەوە لکاون کە دەربڕی واتایەکی جیاواز لە واتای سەرەکیی شیعرەکەن. هەروەها بۆ خوێنەر ناڕوونە بەپێی کامە نوسخە و لە سەر بنەمای کامە شێوازی ساخکردنەوەیی ئەم دیوانە ساخ و کۆکراوەتەوە. سەرچاوەکانی ئەم دیوانە وەک زۆربەی توێژینەوەکانی تری کتێبخانەی کوردی ئاماژەی پیٚنەکراوە. هۆکاری سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەکان لەم دیوانەدا بۆ نەبوونی زانیاریی کۆکەرەوە لەسەر شێوازی شیعری حەریق و تایبەتمەندییە شێوازناسانەکانی شیعری کرمانجیی ناوەڕاست و هەڵەی خوێندنەوەیی دەگەڕێتەوە. دیسان نزیکیی شێوەی

ڕێنووسی بەشێک لە پیتەکان وەک: «د، ذ، ک، گ، و هتد» و، هاوشێوەبوونی ڕێنووسی ئەو پیتانەی جیاوازییان تەنیا لە نوختەدایە، وەک: «ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، ر، ز، ژ، س و ش» لە سەرەتا و ناوەندی وشەکاندا، وەک هۆکاری سەرهەڵدانی بەشێکی تر لە هەڵەکانی ئەم دیوانە پێناسە دەکرێت. شیعری حەریق لە زۆر دێڕدا بە شێوازێکی دڵخوازی و زەوقی و، زۆرجار بە شێوەی قیاسی ساخکراوەتەوە. لەم دیوانەدا واتای شیعرەکان بێ گرنگیدان بە زانستی ڕوونبێژی و کۆڵەکەکانی وێنەی شیعری شرۆڤە کراوە. لە کۆتاییدا دوای ساخکردنەوەی ئەو چەند دێڕە و خوێندنەوەی دیوانەکە، بەو ئەنجامە گەیشتین کە دیوانی حەریق، لێکدانەوەی نەوزاد کەڵهوڕ، بەپێی هیچکام لە پێوەرەکانی زانستی ساخکردنەوە، ساخ و کۆ نەکراوەتەوە. کەوایە پێناسە و دەرخستنی ئەم جۆرە هەڵانە پێویستیی دووبارەی ساخکردنەوەی شیعری حەریق دەسەلمێنێت و دەتوانێت بەرمەتیدەری ساخکەرەوانی تر بێت و ڕێگە لە دووپاتکردنەوەی هەڵەی هاوشێوە بگرێت.

**سەرچاوەکان**

**کوردی**

ئەحمەدی شـــاوەیســـی میکایلی، مەلاخدر (نالی) (۱۳۷۸). *دیوانی نالی*، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. سنە: کوردستان، چاپی پێنجەم.

ئەحمەدی، ئیبراهیم (۱۳۹۳). *زێوەری زمان. فەرهەنگی کینایە و دەستەواژەکانی کوردی سۆرانی*. سنە: علمی کالج، چاپی یەکەم.

زێوییەیی، مەلا نەسروڵڵا (۱۳٦۹). *دیوانی حەریق*، لێکۆڵینەوە، نەجمەددین ئەنیسی. سەقز: سەیدییان، چاپی یەکەم.

---. (۲۰۱۱). *دیوانی حەریق*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە نەوزاد کەڵهوڕ. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم.

---. (۱۳۹٦). *دیوانی حەریق*. ساخکردنەوە، موحەممەد ئیسماعیلنەژاد. کەرەج: مانگ، چاپی یەکەم.

قارەمانی، جەعفەر (۱۳۹۸). *زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی*، بەشی یەکەم: جوانکاری. سنە: زانستگای کوردستان، چاپی یەکەم.

**فارسی**

جهانبخش، جویا (۱۳۷۸). *راهنمای تصحیح متون*. تهران: میراث مکتوب، چاپ اول.

---.(۱۳۸۱). «تصحیح متون کهن»، *مجله پژوهش و حوزه*، شماره ۱۱، پاییز ۱۳۸۱، صص ۱۱٦- ۱۲٦.

عمادی حائری، محمد (۱۳۸۷). «تصحیح متون با تاکید بر تصحیح متون فارسی». *مجله گزارش میراث*. دورەی دوم، سال ۳، ش ۲۵ و ۲٦، صص ٤، ۱۲.

هروی، نجیب مایل (۱۳۸۰). *تاریخ نسخه‌برداری و تصحیح انتقادی نسخه‌های خطی*. تهران: کتابخانه مجلس.